المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە

**م. ی. فاخر نەجمەدین قەرە محەمەد**
**زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە/ چەمچەماڵ/ هەرێمی کوردستان – عێراق**
fakhir.najmadeen@chu.edu.iq

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تایبەتە لە بواری فەرهەنگسازیدا، کە مەبەست لە خستنەڕووی زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانە لە فەرهەنگدا، ڕێبازی وەسفی - شیکاری بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی گرنگی و ڕۆڵی ئەم زانیاریيانە لە دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی کوردیدا، زانیاری لەسەر دیاردە فۆنۆلۆژییەکان زانیاریی گرنگن و پایەیەکی سەرەکی و گرنگی فەرهەنگی زانستین و بەکارهێنەری فەرهەنگ شارەزادەکات لە چۆنیەتی دەربڕین و بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ، کە کاریگەرییان لەسەر خوێندنەوە و بەکارهێنانی دەروازەکان دەبێت، لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە شێوەیەکی پێویست گرنگی بە دانانی زانیاریی فۆنۆلۆژی نەدراوە، لە (قامووسی زمانی کوردی) هەندێک زانیاریی تایبەت بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە شێوەی تێبینی تۆمارکراوە.
کلیلی وشەکان: زانیاریی فۆنۆلۆژی، فەرهەنگ، دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، دەروازەکانی فەرهەنگ.

## Information on phonological phenomena in the Kurdish dictionary (Qamusi Zmani Kurdi) as a model

Abstract
This research is a specialized study in the field of lexicography, aiming to provide information about phonological phenomena in dictionaries. The descriptive-analytical method was used to demonstrate the importance of this information and its role in lexical entries in Kurdish dictionaries. Information of phonological phenomena is crucial and a fundamental aspect of lexicography, enabling dictionary users to understand and utilize lexical entries, particularly in terms of comprehension and application. Kurdish dictionaries do not give sufficient attention to phonological information, and some information about phonological phenomena has been recorded in the dictionary (Qamusi Zmani Kurdi) in the form of notes.
Keywords: Phonological information, dictionary, phonological phenomena, lexical entries.

## معلومات الظواهر الصوتية في المعجم الكردي (قاموسي زماني كوردي) انموذجا

م. م. فاخر نجم الدين قره محمد
Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq
جامعة جرمو/ كلية التربية/ جمجمال/ اقليم كردستان – عراق

ملخص
يعد هذا البحث دراسة متخصصة في مجال علم المعاجم، تهدف إلى تقديم معلومات حول الظواهر الصوتية في المعاجم. استخدم المنهج الوصفي - التحليلي لبيان أهمية هذه المعلومات ودورها في المداخل المعجم في المعاجم الكردية، إن معرفة الظواهر الصوتية معلومات مهمة، وهي ركن أساسي من أركان المعجم، وتجعل مستخدم المعجم على دراية بكيفية التعبير عن المداخل المعجم واستخدامها، لا سيما فيما يتعلق بفهمها واستخدامها، لا تولي المعاجم الكردية اهتماما كافيا للمعلومات الصوتية، وقد سجلت بعض المعلومات حول الظواهر الصوتية في المعجم (قاموسي زماني كوردي) بشكل الملاحظات.
الكلمات المفتاحية: المعلومات الصوتية، المعجم، الظواهر الصوتية، المداخل المعجمية.

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە)یە، بواری تویژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازییە و تایبەتە بە زانیاریی فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگدا و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە وەرگیراوە، چونکە یەکێکە لەو فەرهەنگانەی ئاماژەی بە هەندێک لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان داوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی گرنگ و پێویستن و لە زمانی کوردیدا بە کەمی توێژینەوەیان لەسەر کراوە، لەبەر کەمی ئەم جۆرە توێژینەوانە بە گرنگی دەزانین توێژینەوەیەک لەم جۆرە ئەنجامبدرێت و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە وەربگرین.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی پەسنی - شیکاری، کە ئەم ڕێبازە بۆ هەردوو بەشی تیۆری و جێبەجێکاری لەم توێژینەوەیە پێڕەوکراون.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی جۆری ئەو دیاردە فۆنۆلۆژییانەی کە لە فەرهەنگی کوردیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت بە وەرگرتنی فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی).

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم: دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا**

ئەم بەشە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە و باس لە زانیاریی دیارەی فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگدا دەکات، وەک: زانیاریی خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ و زانیاریی تایبەت بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا باسکراوە، وەک: دیاردەی گونجانی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، تیاچوونی دەنگ، گۆڕینی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ.

**بەشی دووەم: زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا**

ئەم بەشە بەشێکی جێبەجێکارییە و سەرجەم زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، کە گرنگ و پێویستن لە فەرهەنگدا هەبن لەم بەشەدا لەسەر فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی) جێبەجێکراوە، وەک: زانیاریی خوێندنەوەی دەروازەکان و زانیاری ڕێنووسی، پاشان زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، وەک: گونجان و پەیدابوون و تیاچوون و گۆڕین و جێگۆڕکێی دەنگ لەسەر فەرهەنگەکە جێبەجێکراوە.

## بەشی یەکەم: دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا

### ١/١) زانیاریی فۆنۆلۆژی لە دەروازەی فەرهەنگی

زانیارییە فۆلۆلۆژییەکان مەبەست لەو زانیارییە تایبەتانەن، کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیی زمانێک ئاخێوەری زمانەکە دەیزانێت، کە گرنگییان هەیە لە گۆڕینی واتای دەروازەکانی فەرهەنگ و نەبوونی ئەم زانیارییانە لێڵی واتایی بۆ دەروازەکانی فەرهەنگ دروستدەکات و واتاکان ڕوون نابن، زانیاریی فۆنۆلۆژی تایبەت بە هەر دەروازەیەک وەک چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازەکان و شوێنی هێز و ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەی کە گرنگن بۆ دەربڕین و بەکارهێنانی دەروازەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەیان، بە تایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە شێوەی نووسین و خوێندنەوەیان یەکسان نییە

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەتوانێت یارمەتیی بەکارهێنەری فەرهەنگ بدات لە ڕووی درکاندنیان بە شێوەیەکی دروست.
دەنگەکانی ئاخاوتن، کە لە پێکهاتەی بڕگە و وشە و ڕستەدا بەکاردەهێنرێن کار لە یەکتر دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە و شێوەی گۆڕینی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا دیاردەی دەنگین و بەپێی یاسای جۆربەجۆر خۆیان دەنوێنن. (شاڵی، ٢٠٠٠: ٤٩).
یەکەکانی فەرهەنگ خاوەنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی تایبەت بە زمانەکەن و ئەو زانیارییانە کاریگەرییان هەیە لە گۆڕینی واتایان، بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە، ئەو زانیارییانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕینی واتا بە فۆنیمە ناکەرتییەکان ناو دەبرێن، وەک: هێز و ئاوازە و وەستان، هەروەها لە هەندێک زماندا تۆن (tone) کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی واتای دەروازەکان، بۆیە بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بەو زانیارییانە لە فەرهەنگی ئەو زمانانە بدرێت.
لە فەرهەنگدا لە کاتی تۆمارکردنی یەکە فەرهەنگییەکاندا پێویستە ئاماژە بە زانیاریی دەنگسازی (فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی) بکرێت، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست گرنگی بەم لایەنە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا نەدراوە لە کاتی تۆمارکردنی یەکە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا گرنگە زانیاریی دەنگسازی (فۆنۆلۆژی و فۆنەتیک)ی ڕاست و دروست لەسەریان تۆماربکرێت، تا ئێستا لە فەرهەنگی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی بایەخ بەم بابەتە نەدراوە. (مراد، ٢٠٢١: ٥٩)،
زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان، بریتین لە: چۆنیەتی خوێندنەوە و زانیاریی لە بارەی فۆنێمە ناکەرتییەکان، وەک: (هێز و وەستان و تۆن و ئاوازە) و دیاریکردنی شوێنی بڕگەکان لە وشەکاندا و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان.
لە دانانی زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگدا بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازە فەرهەنگییەکان بە تایبەتی بۆ ئەو زمانانەی کە خوێندنەوە و نووسینیان تاڕادەیەک جیاوازە زۆر پێویستە، ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی دەنگی لە فەرهەنگەکاندا جیاوازن، لەم بوارەدا زانایانی بواری فەرهەنگ بۆچوونی جیاوازیان هەیە و بۆ سێ کۆمەڵە دابەش دەبن بەم شێوەیە:
١- دووبارە نووسینی دەروازەی فەرهەنگ بە شێوەی دەنگی، بۆ ئەوەی خوێنەری فەرهەنگ بتوانێت بیخوێنێتەوە بە تایبەتی لە فەرهەنگی جووتزمانی و فرەزمانیدا.
٢- پێویستە زانیاریی فۆنۆلۆژیی کەم دابنرێت بە تایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە سیستەمی دەنگی باشیان هەیە لە ڕووی ڕێنووسەوە.
٣- پێویستە زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگی جووتزمانی باسبکرێت. (القاسمی، ١٩٩١: ٦٢-٦٤)
لە فەرهەنگدا خوێندنەوەی دەنگی بۆ دەروازەکانی فەرهەنگ کارێکی پێویستە، بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا خوێندنەوەی وشەکان ڕەچاونەکراوە، لە فەرهەنگدا پێویستە ڕوونکردنەوە بۆ خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەیەک بێت، کە بتوانرێت دەروازەکانی فەرهەنگ بە دروستی بخوێنرێنەوە.

### ٢/١) دیاردە فۆنۆلۆژییەکان

لە فەرهەنگی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە زانیاریی دەنگسازی نەدراوە، چونکە هەندێک لە فەرهەنگنووسان زانیارییان لەسەر (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی) نەبووە. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٦٨)، لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)دا، هەندێکجار دیارەی فۆنۆلۆژی باسکراوە، بەڵام هەندێکجار ناوی یاساکانی دیارینەکردووە، بەڵکو لە ڕێی نموونەی کارەکییەوە ئاماژەی بۆیان کردووە. دیاردەی فۆنۆلۆژی لە زماندا هەیە و لە زمانی کوردیدا چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی دەبینرێت، وەک گونجانی دەنگ و پەیدابوون و تیاچوون و جێگۆڕکێ و گۆڕینی دەنگ.

#### ١-٢/١) گونجانی دەنگ

بریتییە لە گونجانی دەنگێک بۆ ئەوەی لە دەنگێکی تر بچێت بۆ ئاسانبوونی درکاندن، دوو جۆری هەیە:

١- گونجانی تەواو: لەم جۆرە گونجانە دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لە دەنگێکی تر بچێت، واتە دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کارتێکەر هۆی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و گونجانی جوڵانەوەی ماسوولکەکان لە کاتی درکاندندا، وەک: لە شێوەزاری سلێمانیدا دەنگی /د/ دەبێت بە /ڤ/ بە کاریگەریی ژینگە فۆنۆلۆژییەکەی، بۆ نموونە: (حەڤدە) (حەڤڤە) ...هتد. (عەلی: ٢٠٠٥: ١٩- ٢٠)

٢- گونجانی ناتەواو: لەم جۆرەدا بەشێک یان سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدابکات، لەگەڵ دەنگێکی تر بە تایبەتی لە دەنگە کارتێکەرەکاندا، واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتەکانی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو سیفەتێکی دەگرێتەوە، وەک: گِری و کِپی ...هتد، وەک: (پشدەر) (پژدەر). (خۆشناو، ٢٠١٥: ٧٩).

لە هەردوو شێوەکەی گونجانی دەنگ پێویستە وشە سەرەکییەکە، وەک دەروازەیەکی فەرهەنگی لە فەرهەنگدا دابنرێت و شێوەکانی گونجانی دەنگ لە دوای ئەو دابنرێت، ئەگەر کرا ئاماژە بە ناوچەی بەکارهێنانی بدرێت، بەم شێوەیە: حەڤدە (حەڤڤە) لە ناوچەی سلێمانی بەکاردەهێنرێت.

**١/٢-٢) تیاچوونی دەنگ**

بریتییە لە تیاچوونی دەنگێک یان زیاتر لە مۆرفیمێک یان وشەیەکدا ئەم تیاچوونەش لە مۆرفیم یان وشەدا ڕوودەدات بۆ مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانە لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنووری جیاوازدا دێتەکایەوە، لە هەندێک دۆخدا شێوەی قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرک و واتایان بگۆڕێت، یان کەم ببێتەوە. (حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٧). دوو جۆری سەرەکییان هەیە، وەک:

١- تیاچوونی دەنگی بزوێن: بە زۆری لەم فۆنێمانە ڕوودەدات، وەک /ە/، /ا/، /ی/، /بزرۆکە/. (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٨٨) تیاچوونی دەنگی /ە/ کاری ناتەواو لە دەمی ئێستادا لە ڕستەی (من سەربازم.) (ە).

٢- تیاچوونی دەنگی نەبزوێن: لە زمانی کوردیدا تیاچوونی نەبزوێن بە زۆری لەم چەند فۆنێمە ڕوودەدات، کە بریتین لە: دەنگی (د، ت، ب، هاء، ک). (حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٨).

تیاچوونی دەنگی (د) وەک: دەوڵەمەند (دەوڵەمەن)، هەندێکجار و لە زمانی کوردیدا هۆکارەکە پەیوەندی بە شێوەزارەوە هەیە، ئەم دیاردەیە بە دیاردەی کورتکردنەوە، یان کەمبوونەوەی هێشووە نەبزوێن (cluster reduction) ناودەبرێت، هەندێکجار ئەم دیاردەیە لە کۆتایی بڕگە، یان وشە ڕوودەدات. (Richards, john, Heidi, 1992: 56).

پێشنیازدەکرێت لە دیاریکردنی دیاردەی تیاچوونی دەنگ لە فەرهەنگدا، ئەو وشانەی کە دەنگیان تیادەچێت پێویستە شێوە سەرەکییەکەی دابنرێت، پاشان شێوە گۆڕاوەکەی دابنرێت، واتە بە شێوەی یەک دەروازەی فەرهەنگی، وەک: چەند (چەن)، دەوڵەمەند (دەوڵەمەن) ...هتد.

**١/٢-٣) پەیدابوونی دەنگ**

بریتییە لە دیاردەی پەیدابوونی دەنگێک بۆ نەهێشتنی لەیەکدانی دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا، وەک پەیدابوونی دەنگی (ر، ت، ی، د، و) لە نموونەی جۆرەکانی پەیدابوونی دەنگ، وەک:

١- پەیدابوونی دەنگی /ر/: لەو کاتانە دەردەکەوێت، کە کۆتایی کاری داخوازی بزوێن بێت، وەک (ێ، ۆ، ە)، پاشان پاشگری (ەوە)ی دووبارەکردنەوە دەردەکەوێت یان (ەوە)ی وشەداڕێژ ئەمە وەک: پەیدابوونی دەنگی (ر) لە کاری داخوازیدا، وەک: بخوێنەرەوە، بکەرەوە.

٢- پەیدابوونی دەنگی /د/ لە کاری تێپەڕی بکەر نادیار، کاتێک /ر/ دوو جار دووبارە دەبێتەوە، وەک: کڕین (کڕرا) (کڕدرا).
ئەم دیاردەییە بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخی گەردانکردن و ئامرازی ناسراوی ...هتد دەردەکەیت و ئەم دۆخە کەمتر لە وشەی فەرهەنگی دەردەکەوێت لە فەرهەنگەکاندا.

**١/٢-٤) گۆڕینی دەنگ**

بریتییە لەوەی دەنگێک جێگەی دەنگێکی تر بگرێتەوە بێ ئەوەی واتا بگۆڕێت، واتە دەنگێکی وشەیەک لە ئاخاوتنی هەندێک کەسدا دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕێت و وشەکە دوو فۆرم، یان زیاتری دەبێت بە هەمان واتا، هەندێکجار لە یەک زاردا و جاری وا هەیە لە دوو زاری جیاواز دەبێت. (حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٢٣). چەند جۆرێکی هەیە، وەک:
١- گۆڕینی دەنگی نەبزوێن بۆ نەبزوێن: وەک، (د) بۆ(ت)، وەک: (نەوەد) (نەوەت) ...هتد. (خۆشناو، ٢٠١٥: ٩٦).
٢- گۆین دەنگی بزوێن بۆ بزوێن، وەک: (ا) بۆ (ێ)، وەک: (ڕابەر) (ڕێبەر) ...هتد. (خۆشناو، ٢٠١٥: ١٠٠)
گۆڕینی دەنگ ئەو دۆخانەی کە لە یەک زاردا هەیە شێوەیەکیان سەرەکین و ئەوی تر لاوەکییە، پێویستە شێوەیەکیان وەک دەروازەیەکی سەرەکی دابنرێت، پاشان شێوەکەی تر، واتە دەکرێت وەک یەک دەروازەی فەرهەنگی دابنرێت، وەک: خۆر (ن.) ١- ڕۆژ، هۆر: خۆرهەڵات ڕۆیشت. ٢- خاک، خۆڵ، گڵ: خۆرەکەم بردە سەربانەکە. (هەولێر) (فەرهەنگی هەرزە، ٢٠١٢: ١٠٧).
ئەگەر لە دوو زاری جیاواز بوو، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە هەر دووکیان بدرێت، وەک: (ئاو) (ئاف) دەکرێت بۆ شیکردنەوەی زاراوەی (ئاف) زاراوەی پروانە بۆ (ئاو) دابنرێت و بە پێچەوانەشەوە، واتە دوو جار وشەکە شینەکرێتەوە بە هۆکاری ئابووریکردن لە فەرهەنگدا.

**١/٢-٥) جێگۆڕکێی دەنگ:**

بریتییە لە گۆڕانی شوێنی دەنگەکانی تەنیشت یەکتر لە وشەیەکدا، هەندێکجار دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگەیان دەگۆڕنەوە و بەشێک لە زمانەوانان باوەڕیان وایە، کە جێگۆڕکێی دەنگەکانی هەندێک وشە لە هەموو زمانێکدا هەیە، وا دیارە لە سەرەتادا جیاوازیی زار بووە و هەندێک زار وشەی زاری تری بە هەڵگەڕاوەیی بەکارهێناوە، پاشان یەکێک لەو فۆرمانە لەبیرچوونەتەوە، یان هەردووکیان زۆر بڵاوبوونەتەوە لەسەر زاری گشتی و بوونە بە دوو وشە. (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٩٨)، هەندێکجار ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە لە زمانی کوردیدا، پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی، یان ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، جێگۆڕکێی دەنگ چەند جۆرێکی هەیە، وەک:
١- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان دوو زاردا، وەک: (زیخ) (خیز)
٢- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان یەک زاردا، وەک: (پروانە) (بنواڕە)
٣- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان وشەی وەرگیراودا، وەک: (جومعە) (جوعمە). (خۆشناو، ٢٠١٥: ١٠٣-١٠٤)
لە فەرهەنگدا بۆ دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان دوو زاردا پێویستە ئاماژە بە شێوەی زارەکەی تر بدرێت، وەک: زیخ (خیز)، دەکرێت هەندێکجار ئاماژە بە ناوچەی بەکارهێنانی وشەکەش بدرێت.

**بەشی دووەم: زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا**

**١/٢) ناساندنی (قامووسی زمانی کوردی)**

ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی کوردی- کوردییە لە دانانی (عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی)یە و بە دوو بەرگ چاپکراوە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٧٧) چاپکراوە، کە تایبەتە بە پیتی (ئ) و بەرگی دووەمی لە ساڵی (١٩٧٩) چاپکراوە و تایبەتە بە پیتی (ب) هەردوو

بەرگەکە لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد چاپکراون، هەروەها چاپی دووەم لەلایەن ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێ چاپکراوە، کە هەردوو بەرگەکە لەخۆدەگرێت.
فەرهەنگەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە:
١- پێشەکیی فەرهەنگ.
٢- ناوەڕۆکی فەرهەنگ: تایبەتە بە دوو پیت، کە بریتین لە پیتی (ئ) و (ب).
ئەم فەرهەنگە یەکێکە لەو فەرهەنگە کوردییانەی کە تیایدا ئاماژە بە زانیاریی دیاردەی فۆنۆلۆژی دراوە، لە دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی تێبینی هەندێک زانیاریی فۆنۆلۆژی خراونەتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی لە فەرهەنگی کوردیدا گرنگی بە زانیاریی فۆنۆلۆژی نەدراوە، تەنیا هەندێک زانیاریی بچووک لەسەر شێوەی پیتەکانی زمانی کوردی خراونەتەڕوو.
زانیاریی فۆنۆلۆژی لە قامووسی زمانی کوردیدا لە دوو شوێن باسکراوە، بەم شێوەیە:
١- لە پێشەکیی فەرهەنگەکە ئاماژە بە هەندێک زانیاریی ڕێنووسی دراوە و ئەلفبێی فەرهەنگی کوردی ڕێکخراوە.
٢- لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە لە شیکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ لە هەندێک شوێن بە کورتکراوەی (تێب) تێبینی ئاماژە بە هەندێک دیاردەی فۆنۆلۆژیی تایبەت بە دەروازەکانی فەرهەنگ دراوە.

## ٢/٢) جیاکردنەوەی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا

لەم بەشەدا ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون لەسەر (قامووسی زمانی کوردی) جیاجیایاندەکەین و بە نموونەی ناو فەرهەنگە دەیخەینەڕوو.

### ٢/٢-١) خوێندنەوەی دەروازەکان

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە خوێندنەوەی دەروازەکان نەدراوە، چونکە فەرهەنگەکە فەرهەنگێکی کوردی - کوردییە، تەنیا ئاماژە بە چۆنیەتیی نووسینی هەندێک پیتی کوردی دراوە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، وەک:
ئەلف – (نا.) (تێب). ١) ناوی یەکەم پیتی ئەلفوبێتکەی عارەبییە، چونکوو کوردیش زیاتر هەر بەم ئەلکفوبێتکەیە دەنوسرێ بۆیە یەکێک لە بزوێنەکانی ئەلف وبێی کوردیش، لە نووسینا دوو شکڵی هەیە : ا) بەتەنیایی دا، واز، جیران، ب) لە حاڵەتی لکان بە دوای پیتێکی دیکەوە با، کا، خۆتان. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٦٥-١٦٦)
ب- یەکێکە لە دەنگەکانی زمانی کوردی، لەو ئەلفوبێتکەیەدا کە ئێستا کوردی پێ دەنوسرێ بە چوار شێوە خۆ دەنوێنێ : ١) لە سەرەتای ووشەدا ٢- لە نێوەڕاستا ٣- لە دوایی ووشەدا ٤- بە سەربەخۆیی، ناوی پیتی نیشانەی ئەم دەنگە (بێ) یە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤٧)
تێبینی/ چونکە فەرهەنگەکە پێکهاتووە لە دوو ئەلفبێی فەرهەنگی بە پیتەکانی (ئ) و (ب) دەستپێدەکەن، بۆیە ئاماژە هەر بەم دوو پیتە دراوە.
زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگەکەدا تایبەت بە بڕگەی وشەکان، بڕگەی دەنگی جیانەکراوەتەوە و لە چەند شوێنێک مۆرفیمەکان جیاکراونەتەوە لە بەردەم دەروازە فەرهەنگییەکە، هەرچەندە ئەم جۆرە زانیارییە زانیاریی مۆرفۆلۆژین لە فەرهەنگدا، بەڵام هەندێکجار لەگەڵ بڕگەکردنی دەروازە فەرهەنگییەکە یەکدەگرنەوە، وەک:
ئاژاشکە (ئاژ+ئاژ+کە) باوێشک، ئاشئاشکە گرتویە (تێب): بە لای منەوە (ئاژ)ی ئەم ووشەیە دەگەڵ ڕیشەی فیعلی (هەژاندن) (هەژ) یەکن و لە ئاژی دووەمدا دەنگی (ژ)یەکە بە جیرانەتی (ک) بۆتە (ش). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤-٢٥)

تێبینی/ ئەم نموونەیەی سەرەوە مەبەست لە دروستبوونی وشەی (ئاژاشکە)یە، نەک دیاریکردنی بڕگەی وشەکە، بەڵام لەگەڵ بڕگەکردنی وشەکەش یەکدەگرێتەوە.
بەجیا لەم زانیارییانە فەرهەنگووس لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا زانیاریی گرنگی لە بارەی دەنگەوە لەژێر ناوی (دەربارەی (دەنگ)ی کوردی) لە لاپەڕە (٥٦) بۆ (٦٦) تۆمارکردووە، هەروەها زانیاریی گرنگی لە بارەی ڕێنووسەوە لەژێر ناوی (گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی) لە لاپەڕە (٦٧) بۆ (٧١) تۆمارکردووە.

## ٣/٢) دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)

دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە زۆری لە فەرهەنگەکەدا دەبینرێن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ جۆری دیاردەکە بکرێت، هەرچەندە هەندێکجار فەرهەنگنووس ئاماژەی داوە بە زاراوەکانی وەک: کلۆربوونی دەنگ و سوانی دەنگ و زیادبوونی دەنگ ...هتد.

### ٣/٢-١) گونجانی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

لە فەرهەنگەکەدا فەرهەنگنووس ئاماژەی بە چەند دەروازەیەک داوە، کە گونجانی دەنگیان تێدایە، لەوانە:
(بەدمەست) دەنگی (س) لەم ووشەیەدا تۆزێ تیژە و لە (ص)ی عەرەبی نزیک دەبێتەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٣٨٧).
(بەرامبەر) دەنگی (ن) لە پاشگری (ئان)دا بە جیرانەتی دەنگی (ب) لە ووشەی (بەر)دا دەگۆڕێت و دەبێتە (م) (بەرانبەر) (بەرامبەر). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٣٩٢).
(ئەمەنە) – (بنت.) (سن). (تم). ئەمەندە. (تێب). لە قسەکردنا (ن)ەکە تۆزێک دەگیرێ، هەروەکوو (ن)ێکی سووکی لە پێشەوە بێ وایە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٧٤).
(ئۆخەیچ) - [ئۆخەی+چ] پچووکی (تێب). ئۆخەی دەنگی (چ) بۆ پچووک کردنەوەیەکی ئامێتەی خۆشەویستی یە بۆ ئەو کەسەی قسەی دەگەڵ دەکرێ و دەنگیشی لە نێوان (چ) و (ش) دایە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١١٣).
ئاژاشکە (ئاژ+ئاژ+کە) باوێشک ئاشئاشکە گرتویە (تێب): بە لای منەوە (ئاژ)ی ئەم ووشەیە دەگەڵ ڕیشەی فیعلی (هەژاندن) (هەژ) یەکن و لە ئاژی دووەمدا دەنگی (ژ)یەکە بە جیرانەتی (ک) بۆتە (ش). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤-٢٥).

### ٣/٢-٢) پەیدابوونی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە دیاردەی پەیدابوونی دەنگ نەداوە، ئەم دیاردەیە زۆرتر لە گەردانکردنی کار و دۆخی ناسراوی و نەناسراوی و ... هتد دەردەکەوێت و کەمتر لە دەروازەی فەرهەنگی دەردەکەوێت.

### ٣/٢-٣) تیاچوونی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

لە فەرهەنگەکەدا فەرهەنگنووس دیاردەی تیاچوونی دەنگی لە چەند دەروازەیەکی فەرهەنگی بە زاراوەکانی (دەسوێ، لە ناو دەچێ، فڕێ دەدرێ ...هتد). باسکردووە، وەک:
لە وشەی (ئاڕاییش)دا لە دوای (ش)ەکەیەوە (ت)یەکی هەیە، بەڵام لە بەر قورسی یان فڕێ دەدرێ یان بە حاڵ دەردەکەوێ. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٠). ئەم نموونەیە تیاچوون لە دەنگی (ت) دەردەخات.
-ئەتی (پب). بەدوای ناوەوە دەلکێ و حاصل مصدەری لێ دروست دەکا برایەتی، پاشایەتی، پیاوەتی، جیرانەتی (تێب). ١) کاتێ دوامین پیتی (ناو)ەکە (دەنگ)ێک بێ، دەگەڵ پاشبەندەکە ئێک دەگرنەوە و دەنگی هەمزە کە لە ناو دەچێ ب- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە یەکێ لە دەنگ بزوێنەکان پڕابێتەوە، ئەوا (هەمزە)ەکە دەگۆڕێ بە ی ئەو جار تێک دەگرنەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٢٢-١٢٣).

ئەی (ئم.) (سیم) (تم) ئەدی . (تێب) – ئەو ووشەیە هەر (ئەدی)یەکەیە و لە بن لەهجەی سلەیمانیدا (د)ەکەی کلۆربووە بۆتە (ئەیی) ئەو جار بە جارێک سواوە و کەوتووە. (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۱۹٥).

**٤-٣/٢) گۆڕانی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی**

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە چەند دەروازەیەک داوە، لەگەڵ ئەوەدا شێوەی جیاوازی ئەو دەروازەیەی لە شێوەی ئاخاوتن یان زار و بنزاری تر تۆمارکردووە، کە دیاردەی گۆڕانی دەنگیان تێدایە، کە هەمان واتایان هەیە و هاوواتان، لەوانە:

ئەسپەناغ (ئەسپەناخ) (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۱٤۰) گۆڕانی دەنگی(غ) بۆ (خ).
ئاە (ئاخ) (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۱۰۳) گۆڕانی دەنگی (هاء) بۆ (خ).
ئاسمان (عاسمان) (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۲۹) گۆڕانی دەنگی (ئ) بۆ (ع).
باغ (باخ) (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۲۸۱) گۆڕانی دەنگی (غ) بۆ (خ).
ئەوڵ (هەوەل) (عەوەل) (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۱۹۱) گۆڕانی دەنگی (ئ) بۆ (هاء) بۆ (ع).

-ئەتی (پب). بەدوای ناوەوە دەلکێ و حاصل مصدەری لێ دروست دەکا برایەتی، پاشایەتی، پیاوەتی، جیرانەتی (تێب) ۱.) کاتێ دوامین پیتی (ناو)ەکە (دەنگ)ێک بێ، دەگەڵ پاشبەندەکە ئێک دەگرنەوە و دەنگی هەمزە کە لە ناو دەچێ ب- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە یەکێ لە دەنگ بزوێنەکان پراێتەوە، ئەوا (هەمزە)ەکە دەگۆڕێ بە (ی) ئەو جار تێک دەگرنەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ۲۰۰٥: ۱۲۲-۱۲۳).

**٥-٣/٢) جێگۆرکێی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی**

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە جێگۆرکێی دەنگ نەداوە، هەرچەندە فەرهەنگەکە تایبەتە بە دوو دەنگی (ئ) و (ب)، ئەگەر فەرهەنگەکە پیتەکانی تری لەخۆبگرتایە، ئەگەر هەبوو فەرهەنگنووس هەندێک زانیاری لەسەر جێگۆرکێی دەنگ لە نێوان زار و بنزارە جیاوازەکان لە فەرهەنگەکەدا تۆمار بکردایە.

**ئەنجامەکان**

۱- زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگەکەدا بە زۆری زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانن، کە بە شێوەی تێبینی لە کۆتایی زانیارییەکانی تر بۆ هەندێک لە دەروازە فەرهەنگییەکان دانراون.
۲- لە فەرهەنگەکەدا بە زاراوەی جۆراوجۆر وەک دەسوێ، نامێنێت ...هتد ئاماژە بە زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان دراوە.
۳- زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (تیاچوونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ، گونجانی دەنگ) بە شێوەی (تێبینی) لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکەدا باسکراون، بەڵام (پەیدابوونی دەنگ، جێگۆرکێی دەنگ) لە فەرهەنگەکەدا باس نەکراون.
٤- یەکێک لە پایەکانی فەرهەنگی باش و زانستی گرنگیدانە بە زانیاری لە بارەی (هێز و ئاوازە و وەستان و بڕگە) لەم ڕووەوە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان پشتگوێ خراون.

**لیستی سەرچاوەکان**

**-بە زمانی کوردی**

- حاجی مارف، ئەورەحمان (۲۰۱٤)، *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (۲۰۱٥)، *دەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی ئاوێر، چاپی سێیەم، هەولێر.

- شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج (٢٠٠٠)، *یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١)، *فەرهەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- عەلی، تالیب حوسین (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی*، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٢٨)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فەرهەنگی هەرزە (٢٠١٢)، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- *قامووسی زمانی کوردی* (٢٠٠٥)، زەبیحی عەبدولڕەحمان، چاپخانەی ئینتشاراتی سەلاحەدین، چاپی دووەم، ئورمێ.
- مراد، میدیا (٢٠٢١)، *فەرهەنگنووسی*، دەزگای نارین، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی**

- القاسمي، علي (١٩٩١)، *علم اللغة و صناعة المعجم*، الطبعة الثانية، مطابع جامعة الملك سعود.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Jack C Richards, John Platt, Heidi Plat (1992), *Longman Dictionary of Language and Applied Linguistics*, Second Edition, Longman Dictionaries.

Assist lecturer: Fakhir Najmadeen Qara Mohammed
Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq
Kurdistan Region, Iraq./ Charmo University/ College of Education/ Chamchamal

## زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە

م. ی. فاخر نەجمەدین قەرە محەمەد
Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq
زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە/ چەمچەماڵ/ هەرێمی کوردستان - عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تایبەتە لە بواری فەرهەنگسازیدا، کە مەبەست لە خستنەڕووی زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانە لە فەرهەنگدا، ڕێبازی وەسفی - شیکاری بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی گرنگی و ڕۆڵی ئەم زانیارییانە لە دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی کوردیدا، زانیاری لەسەر دیاردە فۆنۆلۆژییەکان زانیاریی گرنگن و پایەیەکی سەرەکی و گرنگی فەرهەنگی زانستین و بەکارهێنەری فەرهەنگ شارەزادەکات لە چۆنیەتی دەربڕین و بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ، کە کاریگەرییان لەسەر خوێندنەوە و بەکارهێنانی دەروازەکان دەبێت، لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە شێوەیەکی پێویست گرنگی بە دانانی زانیاریی فۆنۆلۆژی نەدراوە، لە (قامووسی زمانی کوردی) هەندێک زانیاریی تایبەت بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە شێوەی تێبینی تۆمارکراوە.

كليلی وشەكان: زانیاریی فۆنۆلۆژی، فەرهەنگ، دیاردە فۆنۆلۆژییەكان، دەروازەكانی فەرهەنگ.

**Information on phonological phenomena in the Kurdish dictionary (Qamusi Zmani Kurdi) as a model**

**Assist lecturer: Fakhir Najmadeen Qara Mohammed**
**Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq**
**Charmo University/ College of Education/ Chamchamal / Kurdistan Region, Iraq.**

Abstract
This research is a specialized study in the field of lexicography, aiming to provide information about phonological phenomena in dictionaries. The descriptive-analytical method was used to demonstrate the importance of this information and its role in lexical entries in Kurdish dictionaries. Information of phonological phenomena is crucial and a fundamental aspect of lexicography, enabling dictionary users to understand and utilize lexical entries, particularly in terms of comprehension and application. Kurdish dictionaries do not give sufficient attention to phonological information, and some information about phonological phenomena has been recorded in the dictionary (Qamusi Zmani Kurdi) in the form of notes.
Keywords: Phonological information, dictionary, phonological phenomena, lexical entries.

**معلومات الظواهر الصوتية في المعجم الكردي (قاموسي زماني كوردي) انموذجا**

م. م. فاخر نجم الدين قره محمد
جامعة جرمو/ كلية التربية/ جمجمال/ اقليم كردستان – عراق
fakhir.najmadeen@chu.edu.iq

الملخص
يعد هذا البحث دراسة متخصصة في مجال علم المعاجم، تهدف إلى تقديم معلومات حول الظواهر الصوتية في المعاجم. استخدم المنهج الوصفي - التحليلي لبيان أهمية هذه المعلومات ودورها في المداخل المعجم في المعاجم الكردية، إن معرفة الظواهر الصوتية معلومات مهمة، وهي ركن أساسي من أركان المعجم، وتجعل مستخدم المعجم على دراية بكيفية التعبير عن المداخل المعجم واستخدامها، لا سيما فيما يتعلق بفهمها واستخدامها، لا تولي المعاجم الكردية اهتماما كافيا للمعلومات الصوتية، وقد سجلت بعض المعلومات حول الظواهر الصوتية في المعجم (قاموسي زماني كوردي) بشكل الملاحظات.
الكلمات المفتاحية: المعلومات الصوتية، المعجم، الظواهر الصوتية، المداخل المعجمية.

## پێشەكی

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە)یە، بواری تویژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازییە و تایبەتە بە زانیاریی فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگدا و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە وەرگیراوە، چونکە یەکێکە لەو فەرهەنگانەی ئاماژەی بە هەندێک لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان داوە.
**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**
زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی گرنگ و پێویستن و لە زمانی کوردیدا بە کەمی توێژینەوەیان لەسەر کراوە، لەبەر کەمی ئەم جۆرە توێژینەوانە بە گرنگی دەزانین توێژینەوەیەک لەم جۆرە ئەنجامبدرێت و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە وەربگرین.
**ڕێبازی توێژینەوەکە:**
ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی پەسنی - شیکاری، کە ئەم ڕێبازە بۆ هەردوو بەشی تیۆری و جێبەجێکاری لەم توێژینەوەیە پێڕەوکراون.
**ئامانجی توێژینەوەکە:**
ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی جۆری ئەو دیاردە فۆنۆلۆژییانەی کە لە فەرهەنگی کوردیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت بە وەرگرتنی فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی).
**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
**بەشی یەکەم: دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا**
ئەم بەشە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە و باس لە زانیاریی دیارەی فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگدا دەکات، وەک: زانیاریی خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ و زانیاریی تایبەت بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا باسکراوە، وەک: دیاردەی گونجانی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، تیاچوونی دەنگ، گۆڕینی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ.
**بەشی دووەم: زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا**
ئەم بەشە بەشێکی جێبەجێکارییە و سەرجەم زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، کە گرنگ و پێویستن لە فەرهەنگدا هەبن لەم بەشەدا لەسەر فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی) جێبەجێکراوە، وەک: زانیاریی خوێندنەوەی دەروازەکان و زانیاری ڕێنووسی، پاشان زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، وەک: گونجان و پەیدابوون و تیاچوون و گۆڕین و جێگۆڕکێی دەنگ لەسەر فەرهەنگەکە جێبەجێکراوە.
**بەشی یەکەم: دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا**
**١/١) زانیاریی فۆنۆلۆژی لە دەروازەی فەرهەنگی**
زانیارییە فۆلۆلۆژییەکان مەبەست لەو زانیارییە تایبەتانەن، کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیی زمانێک ئاخێوەری زمانەکە دەیزانێت، کە گرنگیيان هەیە لە گۆڕینی واتای دەروازەکانی فەرهەنگ و نەبوونی ئەم زانیارییانە لێڵی واتایی بۆ دەروازەکانی فەرهەنگ دروستدەکات و واتاکان ڕوون نابن، زانیاریی فۆنۆلۆژی تایبەت بە هەر دەروازەیەک وەک چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازەکان و شوێنی هێز و ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەی کە گرنگن بۆ دەربڕین و بەکارهێنانی دەروازەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەیان، بە تایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە شێوەی نووسین و خوێندنەوەیان یەکسان نییە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەتوانێت یارمەتیی بەکارهێنەری فەرهەنگ بدات لە ڕووی درکاندنیان بە شێوەیەکی دروست.

دەنگەکانی ئاخاوتن، کە لە پێکهاتەی بڕگە و وشە و ڕستەدا بەکاردەهێنرێن کار لە یەکتر دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە و شێوەی گۆڕینی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا دیاردەی دەنگین و بەپێی یاسای جۆربەجۆر خۆیان دەنوێنن. (شالی، ٢٠٠٠: ٤٩).

یەکەکانی فەرهەنگ خاوەنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی تایبەت بە زمانەکەن و ئەو زانیارییانە کاریگەرییان هەیە لە گۆڕینی واتایان، بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە، ئەو زانیارییانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕینی واتا بە فۆنێمە ناکەرتییەکان ناو دەبرێن، وەک: هێز و ئاوازە و وەستان، هەروەها لە هەندێک زماندا تۆن (tone) کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی واتای دەروازەکان، بۆیە بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بەو زانیارییانە لە فەرهەنگی ئەو زمانانە بدرێت.

لە فەرهەنگدا لە کاتی تۆمارکردنی یەکە فەرهەنگییەکاندا پێویستە ئاماژە بە زانیاریی دەنگسازی (فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی) بکرێت، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست گرنگی بەم لایەنە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا نەدراوە لە کاتی تۆمارکردنی یەکە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا گرنگە زانیاریی دەنگسازی (فۆنۆلۆژی و فۆنەتیک)ی ڕاست و دروست لەسەریان تۆماربکرێت، تا ئێستا لە فەرهەنگی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی بایەخ بەم بابەتە نەدراوە. (مراد، ٢٠٢١: ٥٩)، زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان، بریتین لە: چۆنیەتی خوێندنەوە و زانیاریی لە بارەی فۆنێمە ناکەرتییەکان، وەک: (هێز و وەستان و تۆن و ئاوازە) و دیاریکردنی شوێنی بڕگەکان لە وشەکاندا و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان.

لە دانانی زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگدا بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازە فەرهەنگییەکان بە تایبەتی بۆ ئەو زمانانەی کە خوێندنەوە و نووسینیان تارادەیەک جیاوازە زۆر پێویستە، ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی دەنگی لە فەرهەنگەکاندا جیاوازن، لەم بوارەدا زانایانی بواری فەرهەنگ بۆچوونی جیاوازیان هەیە و بۆ سێ کۆمەڵە دابەش دەبن بەم شێوەیە:

١- دووبارە نووسینی دەروازەی فەرهەنگ بە شێوەی دەنگی، بۆ ئەوەی خوێنەری فەرهەنگ بتوانێت بیخوێنێتەوە بە تایبەتی لە فەرهەنگی جووتزمانی و فرەزمانیدا.

٢- پێویستە زانیاریی فۆنۆلۆژیی کەم دابنرێت بە تایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە سیستەمی دەنگی باشیان هەیە لە ڕووی ڕێنووسەوە.

٣- پێویستە زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگی جووتزمانی باسبکرێت. (القاسمی، ١٩٩١: ٦٢-٦٤)

لە فەرهەنگدا خوێندنەوەی دەنگی بۆ دەروازەکانی فەرهەنگ کارێکی پێویستە، بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا خوێندنەوەی وشەکان ڕەچاونەکراوە، لە فەرهەنگدا پێویستە ڕوونکردنەوە بۆ خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بە شیوەیەک بێت، کە بتوانرێت دەروازەکانی فەرهەنگ بە دروستی بخوێنرێنەوە.

### (٢/١) دیاردە فۆنۆلۆژییەکان

لە فەرهەنگی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە زانیاریی دەنگسازی نەدراوە، چونکە هەندێک لە فەرهەنگنووسان زانیارییان لەسەر (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی) نەبووە. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٦٨)، لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)دا، هەندێکجار دیارەی فۆنۆلۆژی باسکراوە، بەڵام هەندێکجار ناوی یاساکانی دیارینەکردووە، بەڵکو لە ڕێی نموونەی کارەکییەوە ئاماژەی بۆیان کردووە. دیاردەی فۆنۆلۆژی لە زماندا هەیە و لە زمانی کوردیدا چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی دەبینرێت، وەک گونجانی دەنگ و پەیدابوون و تیاچوون و جێگۆڕکێ و گۆڕینی دەنگ.

### (٢/١-١) گونجانی دەنگ

بریتییە لە گونجانی دەنگێک بۆ ئەوەی لە دەنگێکی تر بچێت بۆ ئاسانبوونی درکاندن، دوو جۆری هەیە:

١- گونجانی تەواو: لەم جۆرە گونجانە دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لە دەنگێکی تر بچێت، واتە دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کارتێکەر هۆی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و گونجانی جوڵانەوەی ماسوولکەکان لە کاتی درکاندندا، وەک: لە شێوەزاری سلێمانیدا دەنگی /د/ دەبێت بە /ڤ/ بە کاریگەریی ژینگە فۆنۆلۆژییەکەی، بۆ نموونە: (حەڤدە) (حەڤڤە) ...هتد. (عەلی: ٢٠٠٥: ١٩- ٢٠)

٢- گونجانی ناتەواو: لەم جۆرەدا بەشێک یان سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدابکات، لەگەڵ دەنگێکی تر بە تایبەتی لە دەنگە کارتێکەرەکاندا، واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتەکانی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو سیفەتێکی دەگرێتەوە، وەک: گڕی و کپی ...هتد، وەک: (پشدەر) (پژدەر). (خۆشناو، ٢٠١٥: ٧٩).

لە هەردوو شێوەکەی گونجانی دەنگ پێویستە وشە سەرەکییەکە، وەک دەروازەیەکی فەرهەنگی لە فەرهەنگدا دابنرێت و شێوەکانی گونجانی دەنگ لە دواى ئەو دابنرێت، ئەگەر کرا ئاماژە بە ناوچەی بەکارهێنانی بدرێت، بەم شێوەیە: حەڤدە (حەڤڤە) لە ناوچەی سلێمانی بەکاردەهێنرێت.

## ١/٢-٢) تیاچوونی دەنگ

بریتییە لە تیاچوونی دەنگێک یان زیاتر لە مۆرفیمێک یان وشەیەکدا ئەم تیاچوونەش لە مۆرفێم یان وشەدا ڕوودەدات بۆ مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانە لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنووری جیاوازدا دێتەکایەوە، لە هەندێک دۆخدا شێوەی قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرک و واتایان بگۆڕێت، یان کەم ببێتەوە. (حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٧). دوو جۆری سەرەکییان هەیە، وەک:

١- تیاچوونی دەنگی بزوێن: بە زۆری لەم فۆنێمانە ڕوودەدات، وەک /ە/، /ا/، /ی/، /بزرۆکە/. (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٨٨) تیاچوونی دەنگی /ە/ کاری ناتەواو لە دەمی ئێستادا لە ڕستەی (من سەربازم.) (ە).

٢- تیاچوونی دەنگی نەبزوێن: لە زمانی کوردیدا تیاچوونی نەبزوێن بە زۆری لەم چەند فۆنێمە ڕوودەدات، کە بریتین لە: دەنگی (د، ت، ب، هاء، ک). (حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٨).

تیاچوونی دەنگی (د) وەک: دەوڵەمەند (دەوڵەمەن)، هەندێکجار و لە زمانی کوردیدا هۆکارەکە پەیوەندی بە شێوەزارەوە هەیە، ئەم دیاردەیە بە دیاردەی کورتکردنەوە، یان کەمبوونەوەی هێشووە نەبزوێن (cluster reduction) ناودەبرێت، هەندێکجار ئەم دیاردەیە لە کۆتایی بڕگە، یان وشە ڕوودەدات. (Richards, john, Heidi, 1992: 56).

پێشنیازدەکرێت لە دیاریکردنی دیاردەی تیاچوونی دەنگ لە فەرهەنگدا، ئەو وشانەی کە دەنگیان تیادەچێت پێویستە شێوە سەرەکییەکەی دابنرێت، پاشان شێوە گۆڕاوەکەی دابنرێت، واتە بە شێوەی یەک دەروازەی فەرهەنگی، وەک: چەند (چەن)، دەوڵەمەند (دەوڵەمەن) ...هتد.

## ١/٢-٣) پەیدابوونی دەنگ

بریتییە لە دیاردەی پەیدابوونی دەنگێک بۆ نەهێشتنی لەیەکدانی دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا، وەک پەیدابوونی دەنگی (ر، ت، د، ی، و) لە نموونەی جۆرەکانی پەیدابوونی دەنگ، وەک:

١- پەیدابوونی دەنگی /ر/: لەو کاتانە دەردەکەوێت، کە کۆتایی کاری داخوازی بزوێن بێت، وەک (ێ، ۆ، ە)، پاشان پاشگری (ەوە)ی دووبارەکردنەوە دەردەکەوێت یان (ەوە)ی وشەداڕێژ ئەمە وەک: پەیدابوونی دەنگی (ر) لە کاری داخوازیدا، وەک: بخوێنەرەوە، بکەرەوە.

٢- پەیدابوونی دەنگی /د/ لە کاری تێپەڕی بکەر نادیار، کاتێک /ر/ دوو جار دووبارە دەبێتەوە، وەک: کڕین (کڕرا) (کڕدرا).

ئەم دیاردەییە بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخی گەردانکردن و ئامرازی ناسراوی ...هتد دەردەکەیت و ئەم دۆخە کەمتر لە وشەی فەرهەنگی دەردەکەوێت لە فەرهەنگەکاندا.

**٤-٢/١) گۆڕینی دەنگ**

بریتییە لەوەی دەنگێک جێگەی دەنگێکی تر بگرێتەوە بێ ئەوەی واتا بگۆڕێت، واتە دەنگێکی وشەیەک لە ئاخاوتنی هەندێک کەسدا دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕێت و وشەکە دوو فۆرم، یان زیاتری دەبێت بە هەمان واتا، هەندێکجار لە یەک زاردا و جاری وا هەیە لە دوو زاری جیاواز دەبێت. (حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٢٣). چەند جۆرێکی هەیە، وەک:

١- گۆڕینی دەنگی نەبزوێن بۆ نەبزوێن: وەک، (د) بۆ(ت)، وەک: (نەوەد) (نەوەت) ...هتد. (خۆشناو، ٢٠١٥: ٩٦).

٢- گۆین دەنگی بزوێن بۆ بزوێن، وەک: (ا) بۆ (ێ)، وەک: (ڕابەر) (ڕێبەر) ...هتد. (خۆشناو، ٢٠١٥: ١٠٠)

گۆڕینی دەنگ ئەو دۆخانەی کە لە یەک زاردا هەیە شێوەیەکیان سەرەکین و ئەوی تر لاوەکییە، پێویستە شێوەیەکیان وەک دەروازەیەکی سەرەکی دابنرێت، پاشان شێوەکەی تر، واتە دەکرێت وەک یەک دەروازەی فەرهەنگی دابنرێت، وەک: خۆر (ن.) ١- ڕۆژ، هۆر: خۆرهەڵات ڕۆیشت. ٢- خاک، خۆڵ، گڵ: خۆرەکەم بردە سەربانەکە. (هەولێر) (فەرهەنگی هەرزە، ٢٠١٢: ١٠٧).

ئەگەر لە دوو زاری جیاواز بوو، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە هەر دووکیان بدرێت، وەک: (ئاو) (ئاڤ) دەکرێت بۆ شیکردنەوەی زاراوەی (ئاڤ) زاراوەی پروانە بۆ (ئاو) دابنرێت و بە پێچەوانەشەوە، واتە دوو جار وشەکە شینەکرێتەوە بە هۆکاری ئابووریکردن لە فەرهەنگدا.

**٥-٢/١) جێگۆڕکێی دەنگ:**

بریتییە لە گۆڕانی شوێنی دەنگەکانی تەنیشت یەکتر لە وشەیەکدا، هەندێکجار دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگەیان دەگۆڕنەوە و بەشێک لە زمانەوانان باوەڕیان وایە، کە جێگۆڕکێی دەنگەکانی هەندێک وشە لە هەموو زمانێکدا هەیە، وا دیارە لە سەرەتادا جیاوازیی زار بووە و هەندێک زار وشەی زاری تری بە هەڵگەڕاوەیی بەکارهێناوە، پاشان یەکێک لەو فۆرمانە لەبیرچوونەتەوە، یان هەردووکیان زۆر بڵاوبوونەتەوە لەسەر زاری گشتی و بوونە بە دوو وشە. (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٩٨)، هەندێکجار ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە لە زمانی کوردیدا، پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی، یان ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، جێگۆڕکێی دەنگ چەند جۆرێکی هەیە، وەک:

١- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان دوو زاردا، وەک: (زیخ) (خیز)

٢- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان یەک زاردا، وەک: (پروانە) (بنواڕە)

٣- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان وشەی وەرگیراودا، وەک: (جومعە) (جوعمە). (خۆشناو، ٢٠١٥: ١٠٣-١٠٤)

لە فەرهەنگدا بۆ دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان دوو زاردا پێویستە ئاماژە بە شێوەی زارەکەی تر بدرێت، وەک: زیخ (خیز)، دەکرێت هەندێکجار ئاماژە بە ناوچەی بەکارهێنانی وشەکەش بدرێت.

**بەشی دووەم: زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا**

**١/٢) ناساندنی (قامووسی زمانی کوردی)**

ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی کوردی- کوردییە لە دانانی (عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی)یە و بە دوو بەرگ چاپکراوە، بەرگی یەکەمی لەساڵی (١٩٧٧) چاپکراوە، کە تایبەتە بە پیتی (ئ) و بەرگی دووەمی لە ساڵی (١٩٧٩) چاپکراوە و تایبەتە بە پیتی (ب) هەردوو

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

بەرگەکە لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد چاپکراون، هەروەها چاپی دووەم لەلایەن ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێ چاپکراوە، کە هەردوو بەرگەکە لەخۆدەگرێت.

فەرهەنگەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە:

١- پێشەکیی فەرهەنگ.

٢- ناوەڕۆکی فەرهەنگ: تایبەتە بە دوو پیت، کە بریتین لە پیتی (ئ) و (ب).

ئەم فەرهەنگە یەکێکە لەو فەرهەنگە کوردییانەی کە تیایدا ئاماژە بە زانیاریی دیاردەی فۆنۆلۆژی دراوە، لە دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی تێبینی هەندێک زانیاریی فۆنۆلۆژی خراونەتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی لە فەرهەنگی کوردیدا گرنگی بە زانیاریی فۆنۆلۆژی نەدراوە، تەنیا هەندێک زانیاریی بچووک لەسەر شێوەی پیتەکانی زمانی کوردی خراونەتەڕوو.

زانیاریی فۆنۆلۆژی لە قامووسی زمانی کوردیدا لە دوو شوێن باسکراوە، بەم شێوەیە:

١- لە پێشەکیی فەرهەنگەکە ئاماژە بە هەندێک زانیاریی ڕێنووسی دراوە و ئەلفبێی فەرهەنگی کوردی ڕێکخراوە.

٢- لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە لە شیکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ لە هەندێک شوێن بە کورتکراوەی (تێب) تێبینی ئاماژە بە هەندێک دیاردەی فۆنۆلۆژیی تایبەت بە دەروازەکانی فەرهەنگ دراوە.

## ٢/٢) جێبەجێکردنی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە (قامووسی زمانی کوردی)دا

لەم بەشەدا ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون لەسەر (قامووسی زمانی کوردی) جێبەجێیاندەکەین و بە نموونەی ناو فەرهەنگە دەیخەینەڕوو.

### ٢/٢-١) خوێندنەوەی دەروازەکان

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە خوێندنەوەی دەروازەکان نەدراوە، چونکە فەرهەنگەکە فەرهەنگێکی کوردی - کوردییە، تەنیا ئاماژە بە چۆنیەتیی نووسینی هەندێک پیتی کوردی دراوە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، وەک:

ئەلف – (نا) (تێب). ١) ناوی یەکەم پیتی ئەلفوبێتکەی عارەبییە، چونکوو کوردیش زیاتر هەر بەم ئەلکفوبێتکەیە دەنوسرێ بۆیە یەکێک لە بزوێنەکانی ئەلف وبێی کوردیش، لە نووسینا دوو شکڵی هەیە : ا) بەتەنیایی دا، واز، جیران، ب) لە حاڵەتی لکان بە دوای پیتێکی دیکەوە با، کا، خۆتان. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٦٥-١٦٦)

ب- یەکێکە لە دەنگەکانی زمانی کوردی، لەو ئەلفوبێتکەیەدا کە ئێستا کوردی پێ دەنوسرێ بە چوار شێوە خۆ دەنوێنێ : ١) لە سەرەتای ووشەدا ٢- لە نێوەڕاستا ٣- لە دوایی ووشەدا ٤- بە سەربەخۆیی، ناوی پیتی نیشانەی ئەم دەنگە (بێ) یە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤٧)

تێبینی/ چونکە فەرهەنگەکە پێکهاتووە لە دوو ئەلفبێی فەرهەنگی بە پیتەکانی (ئ) و (ب) دەستپێدەکەن، بۆیە ئاماژە هەر بەم دوو پیتە دراوە.

زانیاریی دەنگسازی لە فەرهەنگەکەدا تایبەت بە بڕگەی وشەکان، بڕگەی دەنگی جیانەکراوەتەوە و لە چەند شوێنێک مۆرفێمەکان جیاکراونەتەوە لە بەردەم دەروازە فەرهەنگییەکە، هەرچەندە ئەم جۆرە زانیارییە زانیاریی مۆرفۆلۆژین لە فەرهەنگدا، بەڵام هەندێکجار لەگەڵ بڕگەکردنی دەروازە فەرهەنگییەکە یەکدەگرنەوە، وەک:

ئاژاشکە (ئاژ+ئاژ+کە) باوێشک، ئاشئاشکە گرتویە (تێب): بە لای منەوە (ئاژ)ی ئەم ووشەیە دەگەڵ ڕیشەی فیعلی (هەژاندن) (هەژ) یەکن و لە ئاژی دووەمدا دەنگی (ژ)یەکە بە جیرانەتی (ک) بۆتە (ش). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤-٢٥)

تێبینی/ ئەم نموونەیەی سەرەوە مەبەست لە دروستبوونی وشەی (ئاژاشکە)یە، نەک دیاریکردنی پرگەی وشەکە، بەڵام لەگەڵ پرگەکردنی وشەکەش یەکدەگرێتەوە.
بەجیا لەم زانیارییانە فەرهەنگووس لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا زانیاریی گرنگی لە بارەی دەنگەوە لەژێر ناوی (دەربارەی (دەنگ)ی کوردی) لە لاپەڕە (٥٦) بۆ (٦٦) تۆمارکردووە، هەروەها زانیاریی گرنگی لە بارەی ڕێنووسەوە لەژێر ناوی (گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی) لە لاپەڕە (٦٧) بۆ (٧١) تۆمارکردووە.

## ٣/٢) دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)

دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە زۆری لە فەرهەنگەکەدا دەبینرێن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ جۆری دیاردەکە بکرێت، هەرچەندە هەندێکجار فەرهەنگنووس ئاماژەی داوە بە زاراوەکانی وەک: کلۆربوونی دەنگ و سوانی دەنگ و زیادبوونی دەنگ ...هتد.

### ٢/٣-١) گونجانی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

لە فەرهەنگەکەدا فەرهەنگنووس ئاماژەی بە چەند دەروازەیەک داوە، کە گونجانی دەنگیان تێدایە، لەوانە:
(بەدمەست) دەنگی (س) لەم ووشەیەدا تۆزێ تیژە و لە (ص)ی عەرەبی نزیک دەبێتەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٣٨٧).
(بەرامبەر) دەنگی (ن) لە پاشگری (ئان)دا بە جیرانەتی دەنگی (ب) لە ووشەی (بەر)دا دەگۆڕێت و دەبێتە (م) (بەرانبەر) (بەرامبەر). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٣٩٢).
(ئەمەنە) – (بنت.) (سن). (تم). ئەمەندە. (تێب). لە قسەکردنا (ن)ەکە تۆزێک دەگیرێ، هەروەکوو (ن)ێکی سووکی لە پێشەوە بێ وایە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٧٤).
(ئۆخەیچ) - [ئۆخەی+چ] پچووکی (تێب). ئۆخەی دەنگی (چ) بۆ پچووک کردنەوەیەکی ئامێتەی خۆشەویستی یە بۆ ئەو کەسەی قسەی دەگەڵ دەکرێ و دەنگیشی لە نێوان (چ) و (ش) دایە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١١٣).
ئاژاشکە (ئاژ+ئاژ+کە) باوێشک ئاشئاشکە گرتویە (تێب): بە لای منەوە (ئاژ)ی ئەم ووشەیە دەگەڵ ڕیشەی فیعلی (هەژاندن) (هەژ) یەکن و لە ئاژی دووەمدا دەنگی (ژ)یەکە بە جیرانەتی (ک) بۆتە (ش). (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٤-٢٥).

### ٢/٣-٢) پەیدابوونی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە دیاردەی پەیدابوونی دەنگ نەداوە، ئەم دیاردەیە زۆرتر لە گەردانکردنی کار و دۆخی ناسراوی و نەناسراوی و ... هتد دەردەکەوێت و کەمتر لە دەروازەی فەرهەنگی دەردەکەوێت.

### ٢/٣-٣) تیاچوونی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

لە فەرهەنگەکەدا فەرهەنگنووس دیاردەی تیاچوونی دەنگی لە چەند دەروازەیەکی فەرهەنگی بە زاراوەکانی (دەسوێ، لە ناو دەچێ، فرێ دەدرێ ...هتد). باسکردووە، وەک:
لە وشەی (ئاڕاییش)دا لە دوای (ش)ەکەیەوە (ت)یەکی هەیە، بەڵام لە بەر قورسی یان فرێ دەدرێ یان بە حاڵ دەردەکەوێ. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٠). ئەم نموونەیە تیاچوون لە دەنگی (ت) دەردەخات.
-ئەتی (پب). بەدوای ناوەوە دەلکێ و حاصل مصدەری لێ دروست دەکا برایەتی، پاشایەتی، پیاوەتی، جیرانەتی (تێب). ١) کاتێ دوامین پیتی (ناو)ەکە (دەنگ)ێک بێ، دەگەڵ پاشبەندەکە ئێک دەگرنەوە و دەنگی هەمزە کە لە ناو دەچێ ب- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە یەکێ لە دەنگ بزوێنەکان پڕایێتەوە، ئەوا (هەمزە)ەکە دەگۆڕێ بە ی ئەو جار تێک دەگرنەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٢٢-١٢٣).

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

ئەی (ئم.) (سیم) (تم) ئەدی . (تێب) – ئەو ووشەیە هەر (ئەدی)یەکەیە و لە بن لەهجەی سلەیمانیدا (د)ەکەی کلۆربووە بۆتە (ئەیی) ئەو جار بە جارێک سواوە و کەوتووە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٩٥).

## ٢/٣-٤) گۆڕانی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە چەند دەروازەیەک داوە، لەگەڵ ئەوەدا شێوەی جیاوازی ئەو دەروازەیەی لە شێوەی ئاخاوتن یان زار و بنزاری تر تۆمارکردووە، کە دیاردەی گۆڕانی دەنگیان تێدایە، کە هەمان واتایان هەیە و هاوواتان، لەوانە:

ئەسپەناغ (ئەسپەناخ) (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٤٠) گۆڕانی دەنگی(غ) بۆ (خ).

ئاە (ئاخ) (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٠٣) گۆڕانی دەنگی (هاء) بۆ (خ).

ئاسمان (عاسمان) (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٩) گۆڕانی دەنگی (ئ) بۆ (ع).

باغ (باخ) (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ٢٨١) گۆڕانی دەنگی (غ) بۆ (خ).

ئەوڵ (هەوەل) (عەوەل) (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٩١) گۆڕانی دەنگی (ئ) بۆ (هاء) بۆ (ع).

-ئەتی (پب). بەدوای ناوەوە دەلکێ و حاصل مصدەری لێ دروست دەکا برایەتی، پاشایەتی، پیاوەتی، جیرانەتی (تێب) ١. کاتێ دوامین پیتی (ناو)ەکە (دەنگ)ێک بێ، دەگەڵ پاشبەندەکە ئێک دەگرنەوە و دەنگی هەمزە کە لە ناو دەچێ ب- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە یەکێ لە دەنگ بزوێنەکان پرابێتەوە، ئەوا (هەمزە)ەکە دەگۆڕێ بە (ی) ئەو جار تێک دەگرنەوە. (قامووسی زمانی کوردی، ٢٠٠٥: ١٢٢-١٢٣).

## ٢/٣-٥) جێگۆڕکێی دەنگ لە قامووسی زمانی کوردی

فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بە جێگۆڕکێی دەنگ نەداوە، هەرچەندە فەرهەنگەکە تایبەتە بە دوو دەنگی (ئ) و (ب)، ئەگەر فەرهەنگەکە پیتەکانی تری لەخۆبگرتایە، ئەگەر هەبوو فەرهەنگنووس هەندێک زانیاری لەسەر جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان زار و بنزارە جیاوازەکان لە فەرهەنگەکەدا تۆمار بکردایە.

## ئەنجامەکان

١- زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگەکەدا بە زۆری زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانن، کە بە شێوەی تێبینی لە کۆتایی زانیارییەکانی تر بۆ هەندێک لە دەروازە فەرهەنگییەکان دانراون.

٢- لە فەرهەنگەکەدا بە زاراوەی جۆراوجۆر وەک دەسوێ، نامێنێت ...هتد ئاماژە بە زانیاریی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان دراوە.

٣- زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (تیاچوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، گونجانی دەنگ) بە شێوەی (تێبینی) لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکەدا باسکراون، بەڵام (پەیدابوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ) لە فەرهەنگەکەدا باس نەکراون.

٤- یەکێک لە پایەکانی فەرهەنگی باش و زانستی گرنگیدانە بە زانیاری لە بارەی (هێز و ئاوازە و وەستان و بڕگە) لەم ڕووەوە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان پشتگوێ خراون.

## لیستی سەرچاوەکان

### -بە زمانی کوردی

- حاجی مارف، ئەورەحمان (٢٠١٤)، *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٥)، *دەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی ئاوێر، چاپی سێیەم، هەولێر.

- شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج (٢٠٠٠)، *یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١)، *فەرهەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- عەلی، تالیب حوسین (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی*، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٢٨)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فەرهەنگی هەرزە (٢٠١٢)، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- *قامووسی زمانی کوردی* (٢٠٠٥)، زەبیحی عەبدولڕەحمان، چاپخانەی ئینتشاراتی سەلاحەدین، چاپی دووەم، ئورمێ.
- مراد، میدیا (٢٠٢١)، *فەرهەنگنووسی*، دەزگای نارین، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی**

- القاسمي، علي (١٩٩١)، *علم اللغة و صناعة المعجم*، الطبعة الثانية، مطابع جامعة الملك سعود.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Jack C Richards, John Platt, Heidi Plat (1992), *Longman Dictionary of Language and Applied Linguistics*, Second Edition, Longman Dictionaries.